گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/6dv3q992

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 20/04/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 24/07/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# ئامانجی سیاسەتی سزایی تاوانە گومرگییەکان

**هاوار عیسی محمدعلی[٢]- عثمان مصطفی عبدالله[١]**

hawar.mohammedali@soran.edu.iq _ othman.abdulla@soran.edu.iq

[٢+١]بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

سزا گومرگییەکان بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دەسەپێندرێن کە یاسای گومرگی هەوڵی بەدەستهێنان و پارێزراوبونیان دەدات، لەم پێناوەدا یاسادانەری عێراق هەڵساوە بە بەکارهێنانی سزا توند و بەتینەکانی وەک لە سێدارەدان و زیندانیکردنی هەتاهەتایی بۆ بنبڕکردنی ئەو تاوانە گومرگیانەی کە هەڕەشەن بۆ سەر بەرژەوەندییە باڵا و نیشتمانی و فەرهەنگیەکانی وڵات وەک بەقاچاغبردنی پارچە شوێنەوارییەکان، دواتر سزای بەندکردن و زیندانیکردنی هەتاهەتایی بەکارهێناوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو تاوانانەی کە زیان لە سامانی نیشتمانی و داهاتەکانی خەزێنەی گشتی وڵات دەدەن، تاکو لە ڕێگەیانەوە کۆمەڵگای و هاووڵاتیانی عێراق دوربخاتەوە لەو جۆرە تاوانانە وببێتە هۆی دروستبونی سڵەمینەوەی گشتی، پاشان سزا داراییەکانی وەک پێبژاردن و دەستبەسەرداگرتنی سەپاندوە بەسەر سەرپێچیکاران و لادەرانی یاسا و ڕێنماییە گومرگییەکان تاکو لە ڕێگەیەوە بتواندرێت قەرەبوی ئەو زیانانە بکاتەوە کە بەر خەزێنەی گشتی دەوڵەت کەوتون، سەرەڕای هەمو ئەمانەش هەڵساوە بە سەپاندی سزا کارگێڕییەکانی وەک ڕاگرتن لە پیادەکردنی پیشەیی و گرتنەبەری ئاشتەوایی گومرگی، هەڵبەتە ئەم دو سزایەی تایبەتکردوە بە بازرگانان و هاموشۆکەرانی خاڵ و بنکە و دەروازە سنورییە گومرگییەکان، تاکو لە ڕێگەیانەوە بتواندرێت ئەم چینەی کۆمەڵگا لە لادان وسەرپێچیکردنی یاسا و ڕێنماییە گومرگییەکان دوربخاتەوە دواجار ببێتە هۆی بەدیهێنانی سڵەمینەوەی تایبەت لەو تاوانانە. بەم شێوەیە لە کۆتاییدا گەیشتین بەو ئەنجامەی کە تایبەتمەندی سزایی تاوانە گومرگییەکان بریتییە لە بەدیهێنانی سڵەمینەوەی گشتی و تایبەت لە تاوانە گومرگییەکان و قەرەبوکردنەوەی خەزێنەی گشتی دەوڵەت و پاراستنی سامانە دارایی و ئابورییەکانی نیشتمان و گەشەکردنی بەردەوامی بەرهەمی ناوخۆیی و ڕێگریکردن لە تێکچونی سیستەمی گشتی وڵات.

**کلیلە وشەکان:** سزا گومرگییەکان، تاوانە گومرگییەکان، سڵەمینەوەی گشتی، قەرەبوکردنەوە، سڵەمینەوەی تایبەت.

# The Objective of Penal Policy in Customs Offenses

Hawar Essa Mohammed Ali[1] - Othman Mustafa Abdulla[2]

[1+2]Law Department, college of Law and Political Science and Management, Soran University, Soran City, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

In order to accomplish the goals that the customs law endeavors to attain and safeguard, the Iraqi customs legislative has implemented harsh penalties, including the death penalty and life imprisonment, with the goal of eliminating customs offenses that pose a threat to important national and cultural interests, such as the smuggling of cultural artifacts. In order to combat crimes that harm the nation's wealth and treasury revenues, it has also established jail time and life imprisonment. By preventing such crimes, this practice serves as a public deterrent. Offender of customs laws and regulations are then subject to financial penalties, such as fines and confiscation. Therefore, the goal of this process is to compensate for the damage done to national assets. Despite this, it imposes administrative penalties, including the refusal to conduct business and the implementation of a customs reconciliation process. Of course, this has been reserved mainly for traders and customs-border commuters, with the goal of preventing such society groups from being involved in customs violations, which would result in private deterrence, particularly in such offenses. As a result, we concluded that the aims of customs penalties are general and specific deterrence of customs crimes, compensation to the public treasury, protection of the country's financial and economic wealth, sustainable development of domestic production, and prevention of the decline of the public sector.

**Keywords:** Customs Penalties, Customs Offenses, Public Deterrence, Compensation, Private Deterrence, Interests.

## ١. پێشەکی.

لەبەرئەوەی گومرگەکان دەروازەی هاتنە ناوەوەی کاڵا و کەلوپەل و خۆراک و دەرمان و پێداویستی پیشەسازین، و هەریەکە لەم بابەتانەش بەرکەوتەی ڕاستەخۆی هەیە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی هاونیشتمانیان، بۆیە تاوانە گومرگییەکان کاریگەری ڕاستەخۆ لەسەر ژیانی تاکەکان بەجێدەهێڵن، بۆیە یاسادانەری عێراق لە ڕوبەڕوبونەوەی ئەو تاوانانە سیاسەتێکی سزایی تایبەتمەندی پەیرەوکردوە تاکو لەم ڕێگەیەوە بتوانێت پارێزگاری لە ژیانی کۆمەڵگاکانی بکات، و قەبارەی زیانە بەدێهاتوەکان بچوکبکاتەوە و لەگەڵیشدا قەرەبوە لایەنە زیان پێگەیشتوەکان بکاتەوە، لەم پێناوەشدا هەوڵی زۆری داوە و سزای جۆراوجۆری داناوە تاکو لە ڕوبەڕوبونەوەی ئەو تاوانانە سەرکەوتوبێت، هەڵبەتە تایبەتمەندی سزا

گومرگییەکان جیاوازە لە هەر سزایەکیتر، لەبەرئەوەی ئەو پاساوانەی کە هۆکاری سەپاندنی ئەو سزایانەن جیاوازن لە پاساوی سزای تاوانەکانیتر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرژەوەندیانەی کە یاساکە هەوڵی پارێزراوبونینان دەدات، بۆیە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٨٤بە ئامانجی پێکانی نیازەکانی یاسادانەر لە سەرتاسەری عێراق جێبەجێکرا بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هەرچەندە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١و دامەزراندنی هەرێمی کوردستان، و دەستبەکاربونی پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٢ سەرجەم یاسا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە لەکارخران، بەڵام دواتر ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٥٠) لە ١٩٩٣/١٢/٢٦ بڕیاریدا بە پەسندکردنی یاسای پێناسە گومرگییەکانی ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٣ و لەگەڵیشدا کارکردن بە یاسای گومرگی عێراقی ژماری ٢٣ی ساڵی ١٩٨٤، شایەنی باسە ئەم یاسایەش دواتر لەکارخرا و لەشوێنی یاسای پێناسە گومرگییەکانی ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١٠ی عێراقی لە هەمو خاکی عێراق جێبەجێکرا.

### ١,١. گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکەمان بریتییە لە وردبونەوە لە سزا گومرگییەکان و لێکۆڵینەوە کردن لە سزای تاوانە ئابورییەکان بەشێوەیەکی گشتی، بە هۆکاری ئەوەی تێبینمانکرد کە کەمترین توێژینەوەی زانستی لەو بارەیەوە ئەنجامدراوە، لەلایەکیترەوە دەبینین یاسای گومرگی عێراقی زیاتر لە ٣ دەیەیە دەرچوێنراوە، کە شایەنی هەڵوێستە لەسەرکردنە ئەو کات و بارودۆخە سیاسی و ئابوریانەی سەردەمی دەرچونی یاساکە گۆڕانکاری زۆریان بەسەرداهاتوە، بەڵام یاساکە جگە لە چەند هەموارکردنەوەیەکی ڕواڵەتی هیچ بەرەو پێشچونێکی بابەتیانەی بەخۆیەوە نەبینیوە،کە ئەوانیش خۆیان دەبیننەوە لە هەموارکردنەوەی بەهای پێبژاردنەکان، لە کاتێکدا کە گۆڕانکاری گەورە لە قەبارەوی بازرگانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هاتۆتە پێشەوە، بەم هۆکارەشەوە تاوانی نوێی گومرگی سەریانهەڵداوە کە لە سەردەمی دەرچونی یاساکەدا بونیان نەبوە، بۆیە پێویستیمان بە سزای نوێ و سەردەمی هەیە، بۆیە توێژینەوەکەمان بەرچاو ڕونی و یارمەتیدەرێکی زانستیانەیە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەتایبەت بۆ دادگا گومرییەکان و دەستە و دامەزراوە کارگێڕییە گومرگییەکانی عێراق.

لەلایەکیترەوە توێژینەوەکە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ هەریەکە لە دادگا گومرگییەکان و دەستە و دامەزراوە کارگێڕییە گومرگییەکان بۆ زانینی بەرەو پێشبردنی ڕۆڵی خۆیان لە کەمکردنەوەی تاوانە گومرگییەکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان لە یەکتری، بەهۆکاری ئەوەی یاسای گومرگی لە عێراق تێکەڵاوییەکی دروستکردوە لە پرۆسەی سەپاندن و جێبەجێکردنی سزا لە نێوان دادگا گومرگییەکان و یەکە کارگێڕییە گومرگییەکان، ئەمانە ئەو گرنگیانەن کە توێژینەوەکە هەوڵدەدات لەمیانەیەوە خزمەتێکی زانستیانە پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات.

### ١,٢. کێشەی توێژینەوە :

لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی دەوڵەت هەندێک هەڵسوکەوت و چالاکی لە پرۆسەی هاوردەکردن و هەناردەکردن قەدەغەدەکات بەپێی ئەو سیاسەتەی پەیرەوی دەکات، بۆیە کێشەی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئەو سزایانەی بۆ هەر تاوانێکی گومرگی داندراوە لەلایەن یاسادانەری عێراقی لە یاسای گومرگی ژمارە٢٣ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو ئایا ئەم سزایانە تا چەند گونجاون لەگەڵ قەوارە و ترسناکی تاوانەکان، لەبەرئەوەی پرسیاری زۆر لەسەر توانای سزا گومرگییەکان لە کەمکردنەوەی تاوانە گومرگییەکان لە عێراق سەرهەڵدەدەن، وەک ئەوەی ئایا ئەم سیاسەتە هەمەلایەنە و ڕونە و لەگەڵ سروشتی تاوانە گومرگییەکان دەگونجێت یان کەموکوڕی یاسایی هەیە بە هۆکاری ئەوەی ئەم تاوانانە ڕۆژبەرۆژ لەزیادبونن، بۆیە لەم کێشەی توێژینەوەکەمان ئەم پرسارە لاوەکیانە گەڵاڵە دەبن:

١- سیاسەتی سزادان لە تاوانە گومرگییەکان لە چی پێکدێت؟

٢- هۆکار و پاساوی سزا گومرگییەکان بۆچی دەگەڕێتەوە ئایا ئەو سزایانە لە توانایاندا هەیە ئامانجەکانی یاسای گومرگی بەدیبهێنن؟

### ١,٣. ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکەمان خۆی دەبینێتەوە لە ئاشنابون بە تایبەتمەندی سزای تاوانە گومرگییەکان لە میانەی شیکردنەوەی بڕگە سزاییەکانی یاسای گومرگی عێراق، تاکو بتوانین لایەنە لێکچو و جیاوازەکانی سزا گومرگییەکان لەگەڵ یاسای گومرگی وڵاتان بدۆزینەوە، بتوانین کەموکوڕی دەقە سزاییەکانی یاسای گومرگی عێراقی دەستنیشان بکەین، پاشان چارەسەری یاساییان بۆ بخەینەڕو تاوەکو سیاسەتی سزایی گومرگی عێراق کاریگەر بێت لە قەلاچۆکردنی تاوانە گومرگییەکان، بەشێوەیەک چیتر ئەو تاوانانە هەڕەشە نەبن لەسەر بەرێوەچونی کاری دامەزراوە گومرگییەکان. و هەروەها ئامانجێکیتری توێژینەوەکەمان بریتییە لە دەرخستنی کاریگەری سزا کلاسیکییەکانی یاسای گومرگی عێراق لە کەمکردنەوەی تاوانە گومرگییەکان و گەیشتن بەو دەرئەنجامەی کە ئایا ئەو سزایانە بەسن بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تاوانە گومرگییەکان یان بەگوێرەی ئاراستەی مۆدێرن لە سزادان پێویستیمان بە سزای نوێ و شوێن گرەوەی ئەو سزا کلاسیکیانە هەیە.

### ١,٤. میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان وا دەخوازێت پشت بە میتۆدی شیکاری ببەستین بو شیکردنەوەی بڕگە و دەقە یاساییەکانی یاسای گومرگی عێراق تاکو لەڕێگەی ئەم میتۆدەوە بتوانێن شیکاریەکی زانستیانەی دروستبکەین کە شیاوی هەستیاری ئەم بابەتە بێت وەک میتۆدی سەرەکی، و لەو شوێنانەی کە پێویستیکردوە پەنامان بو میتۆدی بەراوردکاری بردوە بو بەراوردکردن لەگەڵ یاسا بەراوردکارییەکان.

### ١,٥. پێکهاتەی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان لە دو باسی سەرەکی پێکدێت باسی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەمی توێژینەکەمان و باس لە چەمکی تاوان و سزا گومرگییەکان دەکەین، باسی دوەم تەرخاندەکەین بۆ وەڵامی پرسیاری دوەمی توێژینەوەکەمان و لە پاساوی سزای تاوانە گومرگییەکان دەدوێن بەم شێوەیە:

## ٢. چییەتی تاوان و سزا گومرگییەکان.

بۆ ئەوەی تایبەتمەندی سزا گومرگییەکان شیبکەینەوە پێویستە لە سەرەتادا بە چییەتی تاوانە گومرگییەکان ئاشنابین بۆیە ئەم باسەی توێژینەوەکەمان دابەش دەکەین بەسەر دو بابەتدا، یەکەمیان تەرخاندەکەین بۆ خستنەڕوی پێناسە و تایبەتمەندی تاوان و سزا گومرگییەکان، و بابەتی دوەمیش تەرخاندەکەین بۆ خستنەڕوی جۆرەکانی تاوان و سزا گومرگییەکان بەم شێوەیە:

### ٢,١. پێناسە و تایبەتمەندی تاوان و سزا گومرگییەکان.

لەم بابەتەی توێژینەوەکەمان لە ماهیەتی تاوانە گومرگییەمان دەدوێن بۆ ئەوەی بزانین تاوانە گومرگییەکان چین و لەچی پێکدێن، کامانەن ئەو هەڵسوکەوتانەی یاسادانەر بە تاوانی گومرگی هەژماری کردون بەم شێوەیە:

#### ٢,١,١. پێناسەی تاوان و سزا گومرگییەکان.

لەم لقەی توێژینەوەکەماندا هەڵدەستین بە پێناسەکردنی تاوان و سزا گومرگییەکان لەڕوکاری دو بڕگەدا لە یەکەمیاندا پێناسەی تاوانە گومرگییەکان دەکەین، و بڕگەی دوەمیش تەرخاندەکەین بۆ پێناسەکردنی سزا گومرگییەکان بەم شێوەیە:

### ٢,١,١,١. پێناسەی تاوانە گومرگییەکان.

تاوانی گومرگی بریتییە لە هەر هەڵسوکەوتێک کە ببێتە هۆی پێشێلکردنی یاسا و ڕێنمایيە گومرگییەکان و یاسادانەر سزای بۆ دانابێت (المنجي،٢٠٠٠، ١٥)، و لە پێناسەیەکیتردا تاوانە گومرگییەکان بریتین لە هەر هەڵسوکەوتێکی ئەرێنی یان نەرێنی کە ببێتە هۆی پێشێلکردن یان پابەندنەبون بەسیستەم و یاسا گومرگییەکان و یاسادانەر سزا هاوشان کردبێت تاکو ببێتە هۆی سڵەمینەوە لەو تاوانانە و پارێزگاری کردن لەو بەرژەوەندیانەی کە یاسادانەر دەست درێژیکردنە سەریان بەتاوان داناوە (شعبان،٢٠٠٠، ٢٧). یاخود بریتییە لە هەر چالاکییەکی نایاسایی ئەرێنی یان نەرێنیی کە بەتەواوی ویست و ئیرادەی تاوانبار ئەنجام درابێت و ببێتە هۆی بەهەدەردانی بەرژەوەندییە گومرگییەکان یان دوچاری زیانیان بکاتەوە و یاسادانەر سزای شایستەی بۆ هاوشان کردبێت (قذيفة،١٩٧٢، ٧٤)، بەتێگەیشتن لەو پێناسانەی سەرەوە ئێمە پێمانوایە تاوانە گومرگییەکان بریتییە لە دەستپێکردن و ئەنجامدانی هەر هەڵسوکەوتێک و چالاکییەک یان خۆگرتنەوە لەکردنی کارێکی پێویست بەئامانجی بەدەستهێنانی زیاتری سامان و دارایی بەنایاسایی و پێشێلکردنی سیستەم و ڕێنمایی و یاسا گومرگییەکان، یاسادانەر لە بەرئەنجامدا سزای شایستەی بۆدانابێت، کەواتە ڕەگەزەکانی تاوانی گومرگی بریتین لە:

١- تاوانە گومرگییەکان بەشێوەی ئەرێنی و نەرێنی ئەنجام دەدرێن.

٢- لە تاوانە گومرگییەکان تەنها دەستپێکردنی ئەنجامدانی تاوان بەتاوانی بەئەنجام گەیشتو هەژماردەکرێت واتە دەستپێکردن لە تاوانە گومرگییەکان بونی نییە تەنها بەبونی ڕایەڵی ماددی تاوانەکە بەرپرسیارەتی تاوانکاری جێگیردەبێت.

٣- مەرج نییە تاوانە گومرگییەکان تەنها لە دەروازە گومرگییەکان ئەنجام بدرێن، دەکرێت لە ناوەوەی خاکی وڵات ئەنجام، بدرێن وەک دەرهێنانی نەوت لە بیرە نەوتەکان بە نایاسایی و بەمەبەستی بە قاچاغبردنی.

### ٢,١,١,٢. پێناسەی سزا گومرگییەکان.

سزا بە شیوەیەکی گشتی بریتییە لەو ئازار و زیانەی دەسەپێندرێتە سەر ئەو کەسەی کە سزادەدریت، و سزادان بریتییە لە بێبەشکردنی کەسی سزادراو لە یەکێک لە مافە سروشتییەکانی، ئینجا ئەو بێبەشکردنە بەشێوەیەکی تەواوەتی بێت یان لە بەشێک لە مافەکەی بێبەشدەکرێت(حسني،١٩٧٣، ٧٢٣)، هەروەها سزا ڕێکارێکی چاکسازییە کە ئازاردانی بە ئەنقەست لەخۆدەگرێت و بەسەر ئەنجامدەری تاوانێکدا دەسەپێندرێت، لەسەر بنەمای بڕیارێکی دادوەری پاڵپشت بە دەقێکی یاسایی، و لە ئەنجامدا مافێک یان بەرژەوەندییەکی ئەنجامدەری تاوانەکە دەفەوتێت یان بەکارهێنانی تێکدەدات (الصيفي،١٩٩٥، ٤٨٣)، هەروەها سزا بریتییە ئازارێکی زۆرەملێ، هەڵگری مانای لۆمە و نارەزایی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییە بە بڕیارێکی دادوەری بەسەر هەر کەسێکدا دەسەپێنرێت کە بەرپرسیارێتیەکەی لە تاوانەکە سەلمێنرابێت (المجالي،٢٠١٤، ٢٩٧)، ئەمانە پێناسەی سزا بون بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە بە تێگەیشتن لەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین سزا گومرگییەکان (بریتین لەو ئازارە گیانی و دەرونی و زیانە داراییانەیە کە دەسەپێندرێنە سەر سەرپێچیکار

یان تاوانبار بەگوێرەی یاسا و ڕێنماییە گومرگییەکان، بە ئامانجی بەدیهێنانی سڵەمینەوە لە تاوانە گومرگییەکان و قەرەبوکردنەوەی زیانە لێکەوتوەکان)، کەواتە ڕەگەزی سزا گومرگییەکان بریتین لە:

١- ئازاردانێکی گیانی و دەرونی لەخۆدەگرن کاتێک دەبنە هۆی زەوتکردنی ئازادییەکانی تاوانبار و بەهەمان شێوە زیانێکی دارایی ماددی لەخۆدەگرن کاتێک دوچاری سەروەت و سامانی سزادراو دەبنەوە، تەنانەت زیان بە ناوبانگی بازرگانی و پیشەیی سەرپێچیکاریش دەگەیەن، کاتێک سەرپێچیکار سزا دەدرێت بە قەدەغەکردن لە بەردەوامبونی پیادەکردنی پیشەکەی.

٢- سزا گومرگییەکان بەگوێرەی یاسا و ڕێنماییە گومرگییەکان دەسەپیندرێن، ئینجا یان بەگوێرەی بڕیارێکی دادگای گومرگی پاڵپشت بەدەقێکی یاساکارییە گومرگییەکان بێت، یان بەگوێرەی بڕیارێکی کارگێڕی لەلایەن یەکەی کارگێڕی گومرگییەوە بێت.

٣- سزا گومرگییەکان بەئامانجی دورخستنەوەی خەڵک و هاموشۆکارانی یەکەی گومرگی دەسەپێندرێن تاکو خۆیان بپارێزن لە ئەنجامدانی تاوانی گومرگی و دروستبونی ئەو سڵەمینەوەی کە ئامانجی سزا گومرگییەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا سزا گومرگییەکان لە بنەڕەتدا بۆ قەرەبوکردنەوەی خەزێنەی گشتی دەسەپێندرێن بەتایبەت سزا داراییەکان، لە کاتێکدا کە تاوانە گومرگییەکان دەبنە هۆی بێبەشکردنی خەزێنەی گشتی لەو ماف و شایستە داراییانەی کە دەبوایە لە ئەنجامی بەردەوامبونی کاری دامەزراوەی گومرگی بەدەستهێنرابان.

### ٢,١,٢. سروشت و تایبەتمەندی تاوان و سزا گومرگییەکان.

لەم لقەی توێژینەوەکەماندا باس لە سروشت و تایبەتمەندی تاوانە گومرگییەکان دەکەین لەسەرەتادا تاوەکو لە تایبەتمەندی ئەو جۆرە تاوانانە تێبگەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە سروشت و تایبەتمەندی سزا گومرگییەکان تێبگەین.

#### ٢,١,٢,١. سروشت و تایبەتمەندی تاوانە گومرگییەکان.

ناکۆکییەک لە نێوان یاساناسانی تایبەتمەند دروستبوە سەبارەت بە سروشتی یاسایی تاوانە گومرگییەکان، لەسەر ئەوەی ئایا تاوانە گومرگییەکان سروشتێکی تاوانکارییان هەیە یان سروشتێکی شارستانی، هەندێک لە یاساناسان بە تاوانێکی سروشت شارستانی هەژماردەکەن بە گەڕانەوە بۆ ئەو سزایانەی کە بۆیان دیاریکراوە کە زۆربەیان سزای داراین وەک قەرەبوکردنەوەیەکن بۆ خەزێنەی گشتی(احمد، ٢٠٢٠، ٢٧)، لە کاتێکدا هەندێکی تر بە تاوانێکی تەواو سروشت تاوانکاری دەزانن و پێیانوایە هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ ئەو تاوانانەی کە لە یاسای سزاداندا هاتون، بەو مانایەی ئەحکامەکانی یاسای سزادان بەسەر یاسای گومرگیدا جێبەجێدەبن، بەتایبەتی ئەو حاڵەتانەی پەیوەندی هەیە بە کاریگەری دوبارەکردنەوی تاوانی گومرگی و دەستپێکردن (شروع)لە تاوانە گومرگییەکان، لە کاتێکدا ئەگەر هاتبا بەکارێکی نایاسایی شارستانی هەژمارکرابا ئەوا ئەحکامەکانی یاسای شارستانی بەسەردا جێبەجێدەکرا (ساجت، ٢٠٢٣، ٤٩).

هەروەها تاوانی گومرگی خۆی دەبینێتەوە لە سەرپێچیکردنی باج و میرانەکانی خەزێنەی گشتی، کە دەبنە هۆی تێکدانی سیاسەتی بازرگانی و نەختینەیی دەوڵەت بەمەش دەچێتە خانەی تاوانە ئابورییەکان، لەبەرئەوەی زیان بە باج و میزانە گومرگییەکان دەگەیەن، سەرەڕای ئەمەش لە پرۆسەی ڕوبەڕوبونەوە و قەڵاچۆکردنی تاوانە گومرگییەکان بەتایبەتی تاوانەکانی قاچاغی گومرگی باجییەکان، و لە کاتی زیادبونی ڕێژەی هاوردەکردن و هەناردەکردن دەردەکەوێت کە حاڵەتی خۆدزینەوە لە باج و میرانە گومرگییەکان ئامانجی هەمو سەرپێچیکاران و تاوانبارنی یاسا گومرگییەکانە،

ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە تاوانە گومرگییەکان خاوەن سروشتێکی داراییین (الزيد، الطبيعة القانونيَّة لجرائم التهريب الجمركي » جريدة الصباح)، لە کۆتاییدا گەیشتن بەو ئەنجامە پشت ڕاستکراوەی کە تاوانە گومرگییەکان سروشتێکی تاوانکاریان هەیە، بەڵام سروشتێکی تایبەتی تێکەڵاو بە تاوانە ئابورییەکان، کەواتە تاوانە گومرگییەکان خاوەن سروشتێکی تاوانکاری ئابورین (احمد،سەرچاوەی پێشو،١٢)

### 2.2.1.2. سروشت و تایبەتمەندی سزا گومرگییەکان.

یاسایی بونی سزا گومرگییەکان خۆی دەبینێتەوە لەوەی یاسادانەر خاوەنی تایبەتمەندی ڕەسەنە لەدیاریکردنی بڕ و جۆری سزاکە، و دەسەڵاتەکانی هەریەکە لە دادوەری و جێبەجێکردن و یەکە کارگێڕییەکانی کۆتکردوە بەوەی سزاکە بسەپێنن وەک ئەوەی لە یاسادا هاتوە دەقاودەق، ئەمەش وەکو گەرەنتیەک بۆ پارێزراوبونی ماف و ئازادیە گشتییەکان کەواتە سزا گومرگییەکان بە بنەمای مەشروعیەت پاڵپشتکراون (طنطاوي،٢٠٠٦، ٢١)، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ سەپاندنی سزا گومرگییەکان بەیەکسانی بەسەر سەرپێچیکارنی یاسا و ڕێنماییە گومرگییەکان، کەواتە سزا گومرگییەکان خاوەنی خاسیەتی یەکسانین (خلف،شاوي،٢٠١٢، ٤٠٩).

کۆمەڵێک لە یاساناسان پێیانوایە کە سزا گومرگییەکان سروشتێکی تیکڵاویان هەیە بە تایبەتی هەردو سزای (پێژاردن و دەست بەسەرداگرتن)، کە ئەمەش جیایان دەکاتەوە لەسیستەمە سزاییەکانی تر، بەوەی ئەم سزایانە لە یاسا گومرگییەکان کۆکراوەی هەردو چەمکی سزادانی تاوانبار لە لایەک و قەربوکردنەوەی خەزێنەی گشتی دەوڵەتن لەلایەکیتر(شعان،سەرچاوەی پێشو،٤١٧)

شایەنی ئاماژەپێکردنە هەروەکو باوە سزای هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی تاوان سوکترە لە سزای تاوانی بەئەنجام گەیشتو بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە زیانە بەدیهاتوەکان کەمترن، بەڵام ئەم ئاراستەیە سەبارەت بە هەوڵدان بۆ تاوان لە یاسا گومرگییەکان تەواو جیاوازە، بەجۆرێک سزاکان یەکسانن لە نێوان تاوانی پێگەیشتو و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی هەمان تاوان (مادده١٩٤/،یاسای گومرگی بەرکاری عێراقی، ژمارە٢٣ی ١٩٨٤ی هەموارکراو)

هەروەها سزا گومرگییەکان خاوەن سروشتیکی تایبەتن، کە تیکەڵاویەکە لە لایەنی جێبەجێکاری سزاکە، کاتێک دەبینین سزاکان تاوانکارین کە لەلایەن دادگا گومرگییەکان دەسەپێندرێن، لە هەمان کاتدا سزاکان کارگێڕین کاتێک لە لایەن یەکە گومرگییەکان دەسەپێندرێن(مادده/١٩٤،١٩٥، هەمان یاسا)

هەروەها سزا گومرگییەکان خاوەنی جێگرەوەی سزایین، بەوەی یاسادانەر ئاراستەیەکی شازی گرتۆتەبەر لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی سزای دەست بەسەرداگرتن لە سیستەمی گومرگیدا و ڕێگەی داوە ئەگەر نەتواندرا کاڵا و کەلوپەلی تاوانکاری دەستی بەسەردابگیرێت ئەوا تاوانبار دەبێت سزا بدرێت بەپێژاردنێکی زیادەیی (غرامة الاضافية) وەک جێگرەوەیەک بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو کاڵا و کەلوپەلانەی کە بەقاچاغبردراون یان هێنراون جگە لە سزادانی بە سزا بڕیار لێدراوەکەی کە شایستەی تاوانەگومرگییەکەیە (احمد،سەرچاوەی پێشو،١٩٣-١٩٤).

### ٢,٢.جۆرەکانی تاوان و سزا گومرگییەکان.

بۆ ئەوەی لە تایبەتمەندی سزای تاوانە گومرگییەکان تێبگەین پێویستە شیکردنەوە بۆ جۆرەکانی تاوانە گومرگییەکان بکەین، دواتریش جۆرەکانی سزا گومرگییەکان بخەینەڕو و لێیان تێبگەین، بۆیە ئەم بابەتەی توێژینەوەکەمان تەرخاندەکەین بۆ شرۆڤەکردنی جۆرەکانی تاوان و سزا گومرگییەکان بەم شێوەیە:

### ٢,٢,١. جۆرەکانی تاوانە گومرگییەکان.

تاوانە گومرگییەکان دابەشدەبن بەسەر سەرپێچیە گومرگییەکان و تاوانەکانی قاچاغی گومرگی کە لەم لقەی توێژینەوەکەماندا هەردو جۆرەکەی دەخەینەڕو بەم شێوەیە:

#### ٢,٢,١,١. سەرپێچیە گومرگییەکان.

ئەوانیش دابەش دەبن بۆ سەرپێچیە ڕواڵەتیە گومرگییەکان و سەرپێچییە بابەتیە گومرگییەکان.

سەرپێچیە ڕواڵەتییەکان بریتین لەو کار و چالاکیانەی کە ئەنجامدەدرێن بەپێچەوانەی ڕێنماییە گومرگییەکان و داتاکانی تایبەت بە بەکاربردن و ڕاست و دروستی کاڵا و کەلوپەلەکان، بەبێ ئەوەی کار لە بەهەدەرچونی باجی گومرگی بکەن، وەک بەکارهێنانی ئامێرەکانی گواستنەوەی گومرگ بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختە (مادده٢١١-٢١٥، یاسای گومرگی عێراق).

بەڵام سەرپێچییە بابەتییەکان بریتین لە کۆمەڵێک هەڵسوکەوت و چالاکی کە لەلایەن کەسانیکەوە ئەنجام دەدرێن بەپێچەوانەی حوکمی یاسا و ڕێنماییە گومرگییەکان، دەبنە هۆکارێک بۆ لەناوچون و زیانگەیاندن بە باج و میزانە گومرگییەکان و شاستە داراییەکانی خەزێنەی گشتی دەوڵەت، وەک هێنانە ژو یان بردنەدەرەوەی کاڵا بەبێ ڕاگەیاندنی گومرگی (هاشم،٢٠٢، ١٢٣).

#### ٢,٢,١,٢. تاوانەکانی قاچاغی گومرگی.

بریتین لە هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا و شتومەک بەڕێگای نایاسایی، یان ئەنجامدانی هەر کارێکی نایاسایی بەئامانجی دەربازبون لە دانی باج و میرانەی گومرگی کە لەسەر هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا و کەلوپەلی بازرگانی داندراون، یان بە ئامانجی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی قەدەغەکردنی هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵاو سامانەکان، و شکاندنی کۆتوبەندە یاساییەکان ئەنجام دەدرێن کە داندراون بۆ ڕێکخستنی چونیەتی هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵاکان (شلال،١٩٨٠، ٣٣٧).

هەڵبەتە تاوانەکانی قاچاغی گومرگی پۆلێنکراون بۆ دو پۆل لە تاوان ئەوانیش بریتین لە قاچاغیە گومرگییەکان لە ڕوی دەستدرێژی کردنە سەر مافەکان و قاچاغی گومرگییەکان لە ڕوی ڕایەڵەکانی تاوان.

١- قاچاغییە گومرگییەکان لە ڕوی دەستدرێژیکردنە سەر مافەکان: کە دابەشدەبن بۆسەر قاچاغیە باجییەکان و قاچاغیە ناباجییەکان.

أ- قاچاغییە باجییەکان: بریتییە لە هێنانەژور و بردنەدەرەوەی کاڵا و کەلوپەلەکان بەڕێگای نایاسایی بەبێ دانی باج و میرانە گومرگیە بڕیارلێدراوەکان، بۆیە ناودەبردرێت قاچاغییە گومرگییە باجییەکان چونکە زیان لە بەرژەوەندییە داراییەکانی خەزێنەی گشتی وڵات دەدات، و بێبەشی دەکات لە ماف و شایستە داراییەکانی کە ڕەگەزێکی بنەڕەتین لە دابینکردنی داهاتی گشتی وەک هاوردەکردنی چەمەنتۆ بەبێ دانی باج و میرانە گومرگییەکان(منصور،ب.س.ن،٥)

ب- قاچاغیە ناباجییەکان: ئەم جۆرە قاچاغیانە کاتێک ڕودەدەن کە دەستدرێژی بکرێتە سەر بەرژەوەندییە باڵا و بنەڕەتییەکانی دەوڵەت سەرەرای شایستە داراییەکانی خەزێنەی گشتی، ئەمەش بەهێنانەژور و بردنەدەرەوەی کاڵا و شتومەک و سامان و ژێرخانەکانی دەوڵەت ئەنجام دەدرێت، کاتێک بەپێچەوانەی ئەحکامەکانی قەدەغەکردن و

کۆتکردنی هێنان و بردن ئەنجام دەدرێن کە لەیاسا و ڕێنماییە گومرگییەکان ڕێکخراون وەک بەقاچاغبردنی پارچە شوێنەوارییەکان (الحياري،١٩٩٧، ١٨).

٢- قاچاغییە گومرگییەکان لە ڕوی ڕایەڵەکانی تاوان: ئەم جۆرە قاچاغییە دابەشدەبن بەسەر قاچاغە گومرگیە پراکتیکیەکان و قاچاغە گومرگییە خەملێنراوەکان:

أ - قاچاغییە گومرگیە پڕاکتیکیەکان: باوترین جۆری قاچاغییە، بریتییە لە هەر تێپەڕاندنێکی کاڵا و کەلوپەل لە دەرەوەی نوسینگە گومرگییەکان بەهەردو جۆری هەناردەکردن بردنەدەرەوەی کاڵا و کەلوپەل بۆ دەرەوی سنوری وڵات و هاوردەکرن هێنانە ژورەوەی کاڵا و کەلوپەل بۆ ناوەوی سنوری وڵات وەک هێنانە هاوردەکردنی مادده هۆشبەرەکان بە ڕێگای جۆاوجۆر(بسمة،٢٠١٣، ٩).

ب- قاچاغییە گومرگییە خەملێنراوەکان: جۆرێکە لە جۆرەکانی قاچاغی بەڵام بەشێک لەو ڕەگەزانەی جیاوازە کە قاچاغی گومرگی پراکتیکیان لێ دروست دەبێت، بەشێوەیەک ناچێتە ژێر ئەو چوارچێوە گشتییەی کە بۆ تاوانی قاچاغی پراکتیکی داندراوە، لەگەڵ ئەوەشدا یاسادانەر لەیەک ئاست دایناون لەبەرئەوەی ئەگەر لەڕوی شێوەی تاوانکارییەوە جیاوازین، بەڵام لە جەوهەردا یەک بابەتن و هەمان دەرئەنجامی تاوانیان هەیە کە بریتییە لە خۆدزینەوە لە دانی باج و میرانە گومرگییەکان، و سەرپێچی کردنی حوکمەکانی قەدەغەکردن و کۆتوبەندکردنی هێنان و بردنی کاڵا و کولوپەلەکان، لە کۆتاییدا هەردو جۆری قاچاغییەکە هەمان زیان بەبەرژەوەندییە دارایی و ئابوری و کومەڵایەتییەکانی دەوڵەت دەگەیەنن وەک (هاوردەکردن و هەناردەکردنی هەر کاڵا و کەلوپەلێک بەخاڵ و نوسینگە گومرگییەکان بەبێ بونی مۆڵەتی ڕێگەپێدەر (لوقابياوي،١٩٩٤، ١٤).

## ٢,٢,٢. جۆرکانی سزا گومرگییەکان:

دوای ئەوەی جۆرەکانی تاوانە گومرگییەکانمان باس کرد، ئێستا دێن لە جۆرەکانی سزا گومرگییەکان دەدوێن بەم شێوەیە:

### ٢,٢,٢,١. سزا تاوانکاریە جەستەییەکان.

کە ئەمانیش دابەش دەبن بەسەر سزای لەسێدارەدان و سزاکانی زەوتکردنی ئازادی.

١- سزای لەسێدارەدان: بریتییە لە لێسەندنەوەی مافی ژیانی سزادراو و شایستەکردنی بەمەرگ و کۆتایی هێنان بەژیانی (حسني،١٩٧٧، ٧٤٧) هەڵبەتە ئەم سزایە هەر لە زووەوە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی تاوانە گومرگییەکان سەپێنراوە، هەروەک لە یاسای گومرگی عێراق ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٣١لە مادده/٤٤ دەق لەسەر هێناوە، لە هەمواری یاسای گومرگی عێراق ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤دەق هێناوە لەسەر سەپاندنی سزای لە سێدارەدان لە تاوانەکانی قاچاغی گومرگی ترسناک، (کە ئەم هەموارانە لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە ئەنجام دراوە بە بڕیارەکانی ژمارە ٣٠ی ساڵی ١٩٩٣و بڕیاری ژمارە ٧٦و بڕیاری٩٥ی ساڵی١٩٩٤)

٢- سزاکانی زەوتکردنی ئازادی: بریتین لە لێسەندن و زەوتکردنی ئازادییەکانی ژیان کردنی سزادراو و ناچارکردنی بە بەسەربردنی ژیانی لە بەندیخانە کە خۆیان دەبیننەوە لە (بەندکردن و حەپس کردن) بەگوێرەی سەختی تاوانەکە (حسني، هەمان سەرچاوە، ٧٦٠ ). هەروەک دیارە یاسادانەری عێراق ئەم جۆرە سزایەی سەپاندوە بەگوێرەی دەقی مادده/١٩٤لە یاسای گومرگی بەرکاری عێراق، بڕگە/١ دەڵیت بەبێ زیانگەیاندن بە هیچ سزایەکی توندتر کە لەلایەن یاسا

کارپێکراوەکان سزای قاچاخچێتی و هاوشێوەکانی و بۆ ئەو تاوانە دەدەن. سزاکان بەم شێوەیەن: زیندانی هەتاهەتایی یان کاتی، مانای ئەم دەقە ئەوەیە کە سزای بنەرەتی بۆ تاونبارانی قاچاخی گومرگی و هاوبەشەکانیان زیندانیکردن هەتاهەتایی یان کاتیە، جگە لە تاوانەکانی قاچاغی گومرگی یاسادانەر سزای زیندانیکردنی وەرنەگرتوە مەگەر لە حاڵەتی مەحاڵبون لە بەدەستهێنانی ئەو پێبژاردنەی کە لە پارەی کەسی سزادراوەوە دەسەپێندرێت، لەو حاڵەتەدا زیندانی دەکرێت، بۆ هەر ڕۆژێک پەنجا هەزار دیناری عێراقی، و بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ زیاتر نەبێت (مادده،٢٥٧،ی.گ.ع)، بەهەمان شێوە یاسای گومرگی فەرەنسی- desdouanes Code لە مادده/ ٤١٧ بە بڕ و چەندایەتی جیاواز بەگوێرەی ترسناکی تاوانەکە سزای تاوانەکانی پەیوەست بە قاچاغی گومرگی کردوە بە زیندانی کردن کە تا( ٥) ساڵیش دەخایەنێت.

### ٢,٢,٢,٢. سزا تاوانکارییە داراییەکان.

کە ئەمانیش دابەش دەبن بەسەر پێبژاردن و دەست بەسەر داگرتنی گومرگی.

**١-** پێبژاردنی گومرگی: بریتییە لە پابەندکردنی کەسی سزادراو لە تاوانە گومرگییەکان بەپێدانی بڕە پارەیەک بەگەنجینەی دەوڵەت کە بەبڕیاری دادگا خەمڵێندراوە لە بەرامبەر ئەوەی زیانی بە مافە دارایی و ئابورییەکانی دەوڵەت گەیاندوە (محمود،٢٠٠٠، ٣١٠).

٢-دەست بەسەرداگرتنی گومرگی: بریتییە لە ئازاردانێکی سامانی سزادراو لە میانەی بێبەشکردنی لەو ماڵ و سامان و داراییەی کە بابەتی تاوانی گومرگین یان لە تاوانەکە بەکارهاتون، یان دەست بەسەر داگرتنی بەهای ئەو سامان و داراییانەیە کە بابەتی تاوانی گومرگین و نەتوانراوە ژێر دەست بخرێن (ساجت، سەرچاوەی پێشو، ٢٩١). لەمەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە یاساکاریە گومرگییەکان ڕێگەیان داوە دەست بەسەر بەهای ئەو کەلوپەلانە بگرن کە نەتوانراوە ژێردەست بخرێن بەهەر هۆکارێک بێت وەک شوێن گرەوەیەکی سزایی.

### ٢,٢,٢,٣.سێیەم: سزا کارگێڕییە گومرگییەکان:

کە ئەمانیش دابەش دەبن بەسەر دەست بەسەرداگرتن و پێبژاردنی کارگێڕی لەگەڵ ڕاگرتن لە پیادەکردنی پیشەیی و ئاشتەوایی گومرگی.

١- پێبژاردن و دەست بەسەر دارگرتنی کارگێڕی گومرگی: بریتین لە هەمان ئەو پێبژاردن و دەست بەسەر داگرتنە تاوانکاریەی گومرگی بەڵام لە لایەن یەکەی کارگێڕی گومرگیەوە دەسەپێندرێن بە بڕیارێکی کارگێڕی نەوەک بە حوکمێکی دادگای گومرگی.

٢- ڕاگرتن لە پیادەکردنی پیشەیی: ڕاگرتن لە پیادەکرنی پیشەیی یەکێکە لەو سزا کارگێڕیانەی کە یاسادانەر بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەندێک لە سەرپێچی و تاوانی گومرگییەکان بەکاریهێناوە، کە بریتییە لە سزایەکی تەواوکاری کە یاسا جیاوازەکان بە دەقێکی ڕون هێناویانە لەسەر ئەو تاوانانەی کە بەهۆی پیادەکردنی پیشییەوە ڕو دەدەن، ئەم سزایە دەبێتە هۆی بێبەشکردنی سزادراوەکە لە ئەنجامدانی پیشەکەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان کاتی، بەپێی بارودۆخەکە (عثمان،١٩٨٣، ٢٧١)، یاسادانەری گومرگی عێراقی لە مادده/١١٣ لە یاسای گومرگی بەرکاری عێراق پێناسەی ڕێگریکردن لە پیادەکردنی پیشەیی کردوە بەوەی کە بریتییە لە قەدەغەکردنی پراکتیزەکردنی پیشەی سەرپێچیکار و تاوانبارانی گومرگی کە خۆی دەبینێتەوە لە بێبەشکردن لەو چالاکیەکیانەی کە مافی پیشەی بازرگان، پیشەوەران، بریکارانی گومرگین، کە پەیوەستن بە مۆڵەتێک لە لایەن دەسەڵاتێکی یاساییەوە دەرچوە.

٣- ئاشتەوایی گومرگی: بریتییە لەو سزا پەسند کراوەی کە تۆمەتباری گومرگی بە ڕەزامەندی خۆی بەسەریدا دەسەپێندرێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەلاتی یەکەی گومرگی و دەبێتە هۆی کۆتایی هێنان بە دۆسیەی تاوانباری

گومرگی لەلایەک و دەسەت هەڵگرتنی دەوڵەت لە مافی سزادان خۆی لە لایەکی تر لەبەرامبەر دانی پێژاردنێکی نەختینەیی، و دەبێتە هۆی پوچەل کردنەوەی هەمو ئەو ڕێکارە دادگەریانەی کە گیراونەتەبەر و سرکردنی سەرجەم سزا گومرگەکان، و لە ئەنجامدا ئاشت بونەی هەردو لایەنی دژ بەیەک دەوڵەت و تۆمەتباری گومرگی.

### ٣. پاساوی سزای تاوانە گومرگییەکان.

دوای ئەوەی لە باسی یەکەمی توێژینەوەکەمان لە ماهیەتی تاوانە گومرگییەکان دواین و پاشان جۆرەکانە سزا گومگرگیەکانمان شیکردەوە، ئێستا بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتەکەمان قوڵ ببینەوە و تایبەتمەندی سزا گومرگییەکان گەڵاڵە بکەین دێن لەو باسەی توێژینەوەکەمان باس لە هۆکار و پاساوەکانی سەپاندنی سزا جۆراوجورە گومرگییەکان دەکەین بەم شێوەیە:-

### ٣,١. پاساوی سزا تاوانکاریە گومرگییەکان.

لەبەرئەوەی سزا گومرگییەکان دابەش دەبن بەسەر سزا تاوانکارییەکان و سزا کارگێڕییەکان، بۆیە بە پێوستمان زانی پاساوی هەریەکە لەم جۆرە سزایانە بە تەنیا شیبکەینەوە، بۆیە ئەم بابەتەی توێژینەوەکەمان تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی پاساوی سزا تاوانکاریە گومرگییەکان بەم شێوەیە:-

### ٣,١,١. پاساوی سزای لەسێدارەدان.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دۆخی ئەوکاتەی کە یاسـای گومرگی عێراق تێدا دەرچوە دەبینین وڵات لەوکاتەدا بە قۆناغێکی ئاڵۆز لە پەیوەندیە سـیاسی و سـەربازیەکان تێپەریوە، بەهۆی جەنگە یەک لە دوای یەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتە دراوسـێکانی و دروسـت بونی بۆشـایی تەناهی لەسـەر سـنورەکان، کە بوە هۆی هەڵکشـانی ڕێژەی تاوانە گومرگییەکان بەشـێوەیەک قـاچـاغیەچیەتی بەکاڵا و کەلوپەلە بەبەهـاکانی وەک پـارچە شـوێنەوارییەکـان و ئـامێر و ئۆتومبێلە بارهەڵگرەکان زیادی کردبو، بۆیە ئەنجومەنی ئەوکاتی سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕیاری دا بە هەموارکردنوەی بڕگە سزاییەکانی یاسـای گومرگی و سـەپاندنی سزای لەسـێدارەدان، ئەمەش گرنگی ئەو پرسـە لای یاسـادانەری عێراق پیشـان دەدات کاتێک گرنگییەکی زۆری بەو بارودۆخە داوە و سزای هەندێک جۆری تاوانی قاچاغی کە لە بارودۆخی جەنگدا ڕودەدات توندکردوە، ئەمەش بەهۆی سـەختی ئەم تاوانانە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسـەر ئابوری وڵات و پاراسـتنی سـیسـتەمی گشـتی، وەک چۆن سزای قـاچـاغچیەتی تـا سزای لەسـێدارەدان تونـدکرد لەبری لە زینـدانی یـان دەستبەسەرکردن(ساجت، سەرچاوەی پێشو،٢١٤). کەواتە پاراستنی سیستەمی گشتی وڵات بەتایبەتی لە کاتی جەنگ و باری نائاسایی یەکێک بوە لە هۆکارەکانی سەپاندنی سزای لە سێدارەدان.

هەروەها لەکاتی سـەرنج دانمان لەو سزا لەسـێدارەدانەی کە بۆ بەرەنگاربونەوەی تاوانە گومرگییەکان سـەپێنراوە دەبینین یاسادانەری عێراق پشتی بە پێوەرەی بابەتیی بەستوە کە سەختی تاوانەکە و مەترسییەکانی لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەت بەهەند وەردەگرێت بەتایبەت بەرژەوەندییە ئابورییەکان کە بەهۆی تاوانە گومرگییەکان توشی مەترسی دەبن، کەواتە یەکێکی تر لە هۆکارەکانی سـەپاندنی سزای لەسێداردان دروسـت بونی مەتریسـە لەسـەر بەرژەوەنیە ئابورییەکانی دەوڵەت (سرور،٢٠٠٢، ١٥٦).

دەتوانین بڵێین یاسادانەری عێراق سزای هەندێک تاوانی قاچاخی گومرگی توندکردوە، بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکانیان بۆ سەر ئابوری نیشتمانی و ئەو لێکەوتە نەرێنیانەی کەلێیانەوە دروست دەبێت، بۆیە هەوڵدەدات تاوانباران بوەستێنێت و بەرژەوەندییە نیشتمانی و ئابورییەکانی وڵات بپارێزێت. لەمەشدا جیاوازە لەگەڵ زۆربەی یاساکانی گومرگی وڵاتان، وەک یاسای گومرگی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (Tariff Act of1930)، (U.S. Customs)

ژمارە361-71 ی ساڵی ١٩٣٠ کە بەنزیکەیی نیو سەدە پێش یاسای گومرگی عێراق دەرچوە، یاسای گومرگی لوبنانی ژمارە ٤٤٦١ی ساڵی ٢٠٠٠ی هەموارکراو، یاسای گومرگی ئوردن ژمارە ٢٠ی ساڵی١٩٩٨ هەموارکراو، و یاسای گومرگی میسری ژمارە ٦٦ی ساڵێ ١٩٦٣هەموارکراو، دەبینین هیچ کامێکیان دەقیان لەسەر سزای لەسێدارەدان نەهێناوە.

**٣,١,٢. پاساوی سەپاندنی سزاکانی زەوتکردنی ئازادی.**

گرنگی سزاکانی زەوتکردنی ئـازادی لە ڕوبەڕوبونەوەی تـاوانە گومرگییەکـان ئەوکاتە بەدیـاردەکەوێـت کە سزاکە هەڕەشـــەیەکی بەردەوام لە ئەنجام دەری تاوانی گومرگی بکات بەزەوتکردنی ئازادییەکانی ئەگەر تاوانێکی گومرگی ئەنجام بدات، یان هەر ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر یان هەر ئامادەکاریەک بکات بۆ ئەنجام دانی ئەو تاوانە، هەڵبەتە تاوانبار لە کاتی ئەنجام دانی تاوانی گومرگی پاڵنەرێکی شـــاراوەی لەناخیدا چەکەرە بو کە بوەتە هۆی پالنانی بە ئەنجام دانی تاوانی گومرگی، هەمو کات ئەو پاڵنەرەش گەیشـــتنە بەبڕێکی زیاتری ســـامان و دارایی بەنارەوا، بۆیە پێویســـتە سزاکە توند و بەهێزبێت بەئاسـتێک بتوانێت زاڵ بێت بەسـەر ئەو پاڵنەرە ناخییەی کە تاوانباری پاڵ ناوە تا بیر لە ئەنجام دانی تاوانی گومرگی بکاتەوە، بەشـێوەک سزاکە ئەوەندە بەتین بێت ئەو خۆشی و سـامانە دارییەی کە لەئەنجام دانی تاوانی گومرگی بە دەســـت دێت لەبەر چاوی تۆمەتبار بخات، بەم شـــێوەیە کاتێک ئازار و ترســـە دەرونییەکە زیاتر و بەتینتر بێت لە سودە بەدەست هاتوەکان ئەوکات خۆپاراستن لە ئەنجام دانی ئەو جۆرە تاوانانە مسۆگەر دەبێت بەمەش سڵەمینەوەی گشـــتی لە ئەنجام دانی ئەم جۆرە تاوانانە دێتەدی (عبدالله، خلف،٢٠٢٠، ٤٩)، کەواتە بەدیهێناتنی ســـڵەمینەوەی گشتی هۆکارێکە بۆ پاساودان بە سەپاندنی سزاکانی زەوتکردنی ئازادی لەتاوانە گومرگییەکان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کۆمەڵێک لە زانان پێیانوایە کە ڕۆڵی سزا گومرگییەکان لە بەدیهاتنی سـڵەمینەوەی گشـتی و ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی تاوانی گومرگی تەنها بەســـەپاندنی سزا توند و بەتینەکانی وەک زیندانیکردن و بەندکردن بەدیناهێت، بەلکو لەلایەک دەبێت گەرەنتی جێبەجێکردنی سزاکەی لەگەڵ دابێت، بەمانایەک کۆمەڵگا بەگشـــتی دڵنیابن لە جێبەجێ کردنی سزاکە بەگەرەنتی کراوی بەســـەر تاوانبارانی گومرگی بەبێ لەبەرچاوگرتنی قورسی سزاکە، و لەلایەکی تر سزا گومرگییەکان سروشتێکی تایبەتیان هەیە لەروی ئەو ئامانجانەی کە هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات، کە دورخســـتنەوی ئەو چینە تایبەتەیە کە چالاکی هاموشـــۆی بازرگانی دەکەن و بەرکەوتەیان هەیە لەگەڵ خاڵ و بنکە و دەروازە ســـنوریە گومرگییەکان (عبدالکافي،٢٠٠٨، ١٦)، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە دورخســـتنەوی ئەو چینەی کە هاموشۆی بازرگانی دەکەن لە تاوانە گومرگییەکان پێویستی بە هاتنەدی سڵەمینەوەی تایبەتە لە تاوانە گومرگییەکان.

کەواتە سڵەمینەوەی تایبەت لە تاوانە گومرگییەکان بریتییە لە پێشێل نەکردن و سەرپێچی نەکردنی یاسا و ڕێنماییە گومرگییەکان لە لایەن بازرگانان. بۆیە کۆمەڵێک لە زانایان ڕایان وایە لە میانەی ســـەپاندنی ئەم جۆرە سزایانە دەکرێت گۆڕانکاری لە هزر و ئەندێشـەکانی تاوانبار بکرێت و هاوتا بکرێت لەگەڵ بەها ڕەوشـیە باڵاکان، بۆیە سزاکانی زەوتکردنی ئازادی لە ئەگەری بەدیهێنانی ئەم مەبەستە بەدەرفەتێکی گونجاو دادەنرێت بۆ گەیشتن بەچاکسازی لە ناخی تاوانبار، و لەم قۆناغەدا دەکرێت ئەو هۆکارانە دەسـتنیشـان بکرێت کە بەشـدارن لە دروسـتبونی ئەو پاڵنەرانەی کە بونەتە هۆی ئەوەی کەسـەکە تاوانێکی گومرگی ئەنجام بدات، پاشـان هەوڵبدرێت بۆ بنبرکردن یان لاوازکردنی ئەو پاڵنەرانە و ڕاسـت کردنەوەی هزرە تاونکاریەکەی تاوانبار و دورخستنەوەی مەترسیە تاوانکاریەکەی، پاشانیش ئاشتکردنەوی بە کۆمەڵگا و بەردەوامی دان بە ژیان (ســـالم،٢٠٠٣، ٢١٤)، کەواتە ڕاســـت کردنەوەی هزری تـاونکاری تـاوانبـاری گومرگی و دروسـتکردنی سـڵەمینەوەی تایبەت لەو تاوانانە هۆکارێکی ترە بۆ پاسـاودان بە سـەپاندنی سزاکانی زەوتکردنی ئازادی لە تاوانە گومرگییەکان.

### ٣,١,٣. پاساوی سزا تاوانکاریە داراییەکان (پێبژاردن و دەست بەسەر داگرتنی تاوانکاری).

#### ٣,١,٣,١. پاساوی سزای پێبژاردنی تاوانکاری گومرگی.

بەگەڕانەوە بۆ دەقی مادده/١٩٤ له یاسـای گومرگی بەرکاری عێراقی دەبینین پێبژاردنە گومرگییەکان بەبڕو چەندایەتی جیاواز سـەپێندراون، بەم شـێوەیە، شـەش هێندەی بەهای کاڵا قەدەغەکراوە کاتییەکان لە کاتی بەقاچاغ بردن یان بەقاچاغ هێنانیان (مادده/١٩٤/ب/١.ی.گ.ع)، سێ هێندەی بەها و میرانە پێکەوە بۆ کاڵای قەدەغەکراوی هەمیشەیی بە شـێوەی هەڵپەسـێردراو یان سـنوردارکراو (مادده/١٩٤/ب/٢.ی.گ.ع)، چوار هێندەی میرانە بۆ ئەو کاڵایانەی کە ملکەچی باجن بەڵام قەدەغەنەکراون یان هەڵنپەسـێردراون و سـنوردارنەکراون، بە مەرجێک لە بەها بنەڕەتییەکیەی کەمتر نەبێت(مادده/١٩٤/ب/٣.ی.گ.ع) ڕێژەی(%٢٥) بەهای ئەو کاڵایانە کە باجیان لەسەر نییە و قەدەغەنەکراون و هەڵنەپەسێردراون و سنوردارنەکراون، هەڵبەتە ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە یاسادانەر قەبارەی ئەو زیانانەی کە دوچاری بەرژەوەندییە دارایی و ئابورییەکانی دەوڵەت دەبنەوە کردۆتە پێوەر بۆ دیاریکردنی بڕ و چەندایەتی سزای پێبژاردن کەواتە یەکێک لە هۆکارەکانی سـەپاندنی سزای پێبژاردن لەقالبی سزا تاوانکارییەکان قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانانەیە کە لە ئەنجامی تاوانە گومرگییەکان دروسـت دەبن، شـایەنی باسـە لێرەدا یاسـادانەر هیچ گرنگیەکی بە بارودۆخەکانی تاوان و مەترسیە تاوانکارییەکانی کەسایەتی تاوانباری نەداوە.

بەشێکی تر لە زانایان ڕایان وایە کە سزادارایییەکان دەتوانن ببنە هۆکارێک بۆ دروستکردنی سڵەمینەوەی گشتی لە تاوانە گومرگییەکان، لەبەرئەوەی گونجاون لەگەڵ هەڵەی تاوانبار و لێکەوتەکانی تاوانەکە، بەتایبەتی کاتێک کە تاوانەکە زیانی دارایی یان ئابوری لێبکەوێتەوە، و بەرژەوەندییە داراییەکانی دەوڵەت بخاتە مەترسـییەوە. سزا لە دیدیی ئاراسـتە نوێگەری و مۆدێرنەکانی سزادان ئامانجی تۆلەکردنەوە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییەی نییە کە دادگەری ڕەها داوای دەکات، بەڵکو ئامانجییەتی ڕێبگرێت لە دوبارە ئەنجامدانی تاوان لە لایەن خودی تاوانباری پێشـو یان لەلایەن تاکەکانی تری کۆمەڵگا، و قەرەبوی زیانە بەدیهاتوەکانیش بکاتەوە (صـدیق،٢٠١٥، ٢٣٦)، کەواتە بەدیهاتنی سڵەمینەوەی گشتی لەتاوانە گومرگییەکان هۆکارێکی ترە کە پاسـاو بە سـەپاندنی سزای پێبژاردن دەدات وەک سزایەکی تاوانکاری بسەپێندرێت بەسەر تاوانباری گومرگی.

و لەلایەکی تر سزا داراییەکانی وەک پێبژاردن وا هەڵدەسـەنگێندرێن کە هەمیشـە توانایان هەیە بۆ دروسـتکردنی سڵەمینەوەی تایبەت ئەگەر بێتو دوبارە بسەپێندرێنەوە، بە پێچەوانەی سزاکانی زەوتکردنی ئازادی کە ئەگەر بێتو چەند جارێک بەسـەر تاوانباردا بسـەپێندرێن ئەوا تاوانبار لەگەڵی ڕادێت وکاریگەرییەکانی لاوازدەبن (بوتخیل،٢٠١٥، ٣٢٥) بۆیە بە هەمان شـێوە دەتوانین بڵێن بەدیهاتنی سـڵەمینەوەی تایبەت لەتاوانە گومرگییەکان هۆکارێکی ترە کە پاسـاو بە سەپاندنی سزای پێبژاردن دەدات وەک سزایەکی تاوانکاری بسەپێندرێت بەسەر تاوانباری گومرگی.

#### ٣,١,٣,٢. پاساوی سەپاندنی سزای دەست بەسەرداگرتن.

سزا داراییەکان بە تایبەتی دەسـت بەسـەرداگرتن ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە دروسـتکردنی سـڵەمینەوە لە تاوانە گومرگییەکان و بنبڕکردنی هۆکارەکانی تاوان، بە هۆکاری ئەوەی سزاکە دەبێتە هۆی دەسـتبەسـەرداگرتنی ئامێرەکان، ئەوانەی کە تاوانبار لە ئەنجامدانی تاوانی قاچاخی گومرگی بەکاری دەهێنێت، وەک لە حاڵەتی دەسـتبەسـەرداگرتنی هۆکارەکانی گواسـتنەوە کە کاڵای قاچاخی هەڵگرتوە، یان دەسـتبەسـەرداگرتنی خودی کەلوپەلی قاچاغکراو، ئەگەر نەتواندرێت کاڵاکان ژێردەسـت بخرێن ئەوا حوکم دەکرێت بە دەسـت بەسـەرداگرتنی هاوتای بەهاکەی و بەم شـێوەیەش مەحاڵ دەبێت تاوانبار تاوانەکە دوبارە بکاتەوە دوای نەهێشـتنی هۆکارە بنەڕەتییەکان، یان لە ناوچونی

ئەو ئامێرانەی ئەنجامدانی تاوانی گومرگیدا بەکاریدەهێنێت(سرور،١٩٦٩، ١٠٥)، کەواتە بە تێگەیشتن لەو لێکدانەوەی سەرەوە دەتوانین بڵێن سزای دەست بەسەرداگرتنی گومرگی وەک زۆربەی سزاکانی تر بە هۆکاری دروستکردنی سڵەمینەوە دەسەپێندرێت و لەگەڵیشیدا گواستنەوەی خاوەنداریەتی ئامراز و کەلوپەلە بەکارهاتوەکان بۆ ژێر ڕکێفی دەوڵەت تاکو جارێکی تر بەکارنەهێنرێنەوە لە ئەنجام دانی تاوانی گومرگی.

بەشێکی تر لە زانایان بۆ ئەوە دەچن کە سزا ئابورییەکانی وەک دەست بەسەرداگرتن هەژماردەکرێن بەو سزایانەی کە خاوەن سروشتێکی تایبەتین و خودی یاساکاریە گومرگییەکان دەیان سەپێنن تاکو لە ڕێگەیانەوە ئامانجە بنەرەتییەکانی یاسای گومرگی بێننە دی، کە بریتییە لە قەرەبوکردنەوەی خەزێنەی گشتی دەوڵەت کە لەئەنجامی نەدانی ئەو باج و میرانە گومرگیانە زیانی پێگەیشتوە (عطية،١٩٦٠، ٢٠١)، لێرەدا دەبینین یاسادانەر زۆر توندە لەسەر گواستنەوەی خاوەنداری ئەو ئامێرانەی کە لە تاوانی گومرگی بەکارهاتون لە تاوانبارەوە بۆ دەوڵەت، ئەمەش لەبەرئەوەی وا دەبینێت کە ئەگەر بەم سزایە خاوەنداریەتی ئەو ئامێرانە لە ژێر ڕکێفی تاوانبار دەرنەهێنێت ئەوا شکۆی دەوڵەت و دامەزراوە فەرمیە سزاییەکانی دەشکێت، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی تاوانە گومرگییەکان سروشتەکەیان وایە کە لە دەروازە سنوریەکان ڕوودەدەن، کەواتە کاریگەری لەسەر شکۆی نێودەوڵەتی و متمانەی بازرگانی نێوان وڵاتان هەیە بۆیە ئێمە پێمان وایە پاراستنی شکۆی دامەزراوە فەرمیەکانی وڵات بەگشتی و سێکتەری گومرگی بە تایبەتی هۆکارێکی زۆر دروست و مافێکی ڕەوای دەوڵەتە کە پاساو بە سەپاندنی سزای دەست بەسەرداگرتنی گومرگی دەدەن وەک سزایەکی تاوانکاری بسەپێندرێت لە ڕوبەڕوبونەوەی تاوانە گومرگییەکان.

### ٣,٢. پاساوی سزا کارگێڕییەکان.

دوای ئەوەی لە بابەتی یەکەمی ئەم باسەماندا پاساو و هۆکارەکانی سزا تاوانکارییەکانمان شیکردەوە و لە فەلسەفەی یاسادانەر لە سەپاندنی ئەم جۆرە سزایانە بەم شێوازە وردبوینەوە، ئێستا دێن لە پاساوی سزا کارگێڕیە گومرگییەکان دەکۆڵینەوە تاکو بتوانین فەلسەفەی پشت ئەو سزایانە بەدیار بخەین، لەبەرئەوەی دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسارەمان بۆ بدرێتەوە کە دەپرسێت ئایا هۆکاری ئەوە سزا کارگێڕیانە چییە کە لە لیستی سزا گومرگییەکان دەسەپێندرین لە کاتێکدا یاسای گومرگی تەژیە لە سزا تاوانکاریە جەستەیی و داراییەکان؟ بۆیە لەم بابەتەی توێژینەوەکەماندا بە (٣) لق وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە بەم شێوەیە:-

#### ٣,٢,١. پاساوی سزای پێبژاردن و دەست بەسەر داگرتنی کارگێڕی.

##### ٣,٢,١,١. پاساوی سزای پێبژاردنی کارگێڕی گومرگی.

پێبژاردنی کارگێڕی یەکێکە لە کاریگەرترین ئەو سزایانەیە کە لە یاساکاریە گومرگییەکان بڕیاریان لێدراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی تاوانە گومرگییەکان کە لە ئەنجامی سەرپێچی کردنی سیستەم و ڕێنماییە گومرگییەکان دروست دەبن، بەئامانجی بەدەست هێنانی بڕێکی زیاتری سامان و دارایی بە نارەوا لەسەر ئەستۆی خەزێنەی گشتی، بۆیە یاسادانەر پەنای بۆ سەپاندی سزایەکی دارایی بردوە کە خاوەنی تایبەتمەندیەک بێت بتوانێت هەڵسوکەوتی سەرپێچیکار ڕێک بکاتەوە و ببێتە هۆی سڵەمینەوەی تاکەکان و ڕێزگرتن لە یاسا و ڕێنماییە گومگریەکان، پێبژاردنی گومرگیش هەمو ئەو خاسیەتانەی تیدایە و سەرەرای ئەمانەش سەپاندنی ئاسانە و کەمترین کات و ڕێکاری پێویستە بەمەش دەبێتە ئاگادارکەرەوەی ئەوانی تریش کە مەیلی هەمان سەرپێچیان هەیە (مصطفي،١٩٧٩، ١٥٧).

بۆیە دەبینین یاسادانەر هەمیشە لە هەوڵ دابوە ڕوڵی یاسا تاوانکارییەکان کەم بکاتەوە لە ڕوبەڕوبونەوەی تاوانە گومرگییەکان بۆیە زۆربەی یاساکاریە گومرگییەکان بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتوەکان پشتیان بەو ڕێگا چارانە بەستوە کە بتوانێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ چارەسەری بابەتەکە بکات و ببێتە هۆی دەست بەرداربون لەو چارەسەریانەی کە بە یاسا تاوانکارییەکان دەکرێت، لەبەرئەوەی توندوتیژن و ناگونجێن لەگەڵ ئەو لێکەوتانەی کە لێان دەکەوێتەوە، لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان هاوتەریب نین، بۆیە پشت بەستن بەو ڕێگاچارە یاساییانەی وەک پێبژاردنی کارگێڕی دەبێتە ئامرازێک بۆ باشتر پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانەی کە ئامانجی یاساکاریە گومرگییەکانە (محمد،٢٠٢٠، ٦).

هەڵبەتە ئەم ئاراستەیە لە یاساکاریە گومرگیە عێراقیەکان ڕەنگی داوەتەوە کاتێک یاسادانەر سزای پێبژاردنی کارگێڕی گومرگی وەک سزایەکی بنەرەتی سەپاندوە بەسەر تاوانەگومرگییەکان، بەلەبەر چاوگرتنی بەرزی بەهای سزاییەکەی و هێنانەدی جەوهەر و کرۆکی نیازی یاسادانەر لە بەتاوان کردنی ئەو هەڵسەوکەوتانەی کە زیان لە بەرژەوەندییە داراییەکانی وڵات دەدەن، ڕوبەڕوبونەوەیان بەبێ ئەوەی هیچ پابەندی یەکی دارایی لەسەر خەزێنەی گشتی دروست بکەن و قەرەبوی زیانە لێکەوتوەکان بکاتەوە (رکاب،حسن،٢٠١٧، ١٨٩).

بۆیە لەم لۆژیکەوە دەبینین پێبژاردنی کارگێڕی ئەو ناتەواوی و کەموکوڕیانەی پڕکردۆتەوە لە سیاسەتی سزایی گومرگی عێراقیدا بونیان هەیە، بوەتە هۆکاری دروست بونی سڵەمینەوە لەو تاوانانە بەشێوەی گشتی و تایبەت، لەبەرئەوەی سزاکە هەوڵ بۆ ڕاست کردنەوەی خو و هەڵسوکەوتی تاوانبار دەدات نەوەک تەنها ئازاردانێکی جەستەیی و دەرونی بێت (الهيلالي، شريف، ٢٠١٧، ١٨٩)

### ٣,٢,١,٢. پاساوی سزای دەست بەسەرداگرتنی کارگێڕی گومرگی.

دەست بەسەرداگرتنی کارگێڕی گومرگی بە هەمان شێوەی پێبژاردنی کارگێڕی گومرگی لەبەر بەرزی بەهای سزایەکەی و بەهێزی کاریگەریەکەی یاسادانەر لە هەوڵی ئەوەدا بوە کە ڕێگاکانی بەردەم سەپاندنی کورت بکاتەوە بۆ ئەوەی بتواندرێت بە ئاسانترین شێوە بسەپێندرێت و بەردەست بێت، بۆیە دەبینین سەرەرای بونی دەست بەسەرداگرتنی گومرگی وەک سزایەکی تاوانکاری هاتوە دەست بەسەرداگرتنی کارگێڕی گومرگی داهێناوە هەروەک لە مادده/١٩٦ لە یاسای گومرگی عێراق باسی لێوە کراوە دەبینین دەسەڵات دراوە بە بەڕێوەبەری گشتی گومرگ بە دەست بەسەرداگرتنی کەلوپەلی بابەتی تاوانی گومرگی لە کاتی هەڵاتنی تاوانبارن یان بەردەست نەبونیان، هەروەکو ئاشکرایە لە بنەرەتدا دەست بەسرداگرتن سزایەکی تەواوکاریە بۆ سزایەکی بنەرتی پێش خۆی وەک پێبژاردن یان سزکانی تر، بەمەش دەست بەسەرداگرتنی کارگێڕی گومرگی دەرچونە لەو بنەما سەرەکییە، و دەبێتە سزایەکی بنەرەتی بۆ هەندێک سەرپێچی و کەتنە گومرگییەکان.

شایەنی باسە دەست بەسەرداگرتنی کارگێڕی گومرگی وەکو سزایەکی سەپێندراو بۆ بەرەنگار بونەوەی سەرپێچی و کەتنە گومرگییەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی تاوانکاری سەپێندراو بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تاوانە گومرگیە گەورەکانی وەک قاچاغی گومرگی لەروی سروشتی یاساییان و لێکەوتەکانینان و ئەو لایەنەی کە تایبەتمەندە بە سەپاندی سزاکە، هەروەک کارگێڕی یەکە گومرگییەکان تایبەتمەندن بە سەپاندنی دەست بەسەرداگرتنی کارگێڕی لە کاتێکدا دادگا گومرگییەکان تایبەتمەندن بەسەپاندنی دەست بەسەرداگرتنی تاوانکاری، بەڵام هەردوکیشان لە ڕوی

لێکچونیانەوە خۆیان دەبیننەوە لە ئازاردانێکی دارایی بە ئامانجی بەدەســـت هێنانی ســـڵەمینەوەی گومرگی و قەرەبو کردنەوەی ئەو زیانانەی دوچاری خەزێنەی گشتی دەوڵەت هاتون (جلال، ٢٠٠٤، ٣٣٩)

لە جێبەجێ کردنە پراکتیکەکاندا دەبینین دەســـت بەســـەرداگرتنی کارگێڕی بەشـــێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتوە لە ڕوبەروبونەوی تـاوانە گومرگییەکان بۆ نمونە بڕیـاری دەســـتەی گشـــتی گومرگ/ بەڕێوەبەرایەتی گومرگی نـاوچەی ناوەڕاسـت ژمارە ١٨٦/ب/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١٢/٣٠ دا بڕیاری داوە بە دەسـت بەسـەر داگرتنی مانتۆر سـکیلی بابەتی تاوانی گومرگی بە گوێرەی دەقی ماددەی ٢٣٩ لە یاسای گومرگی بەرکاری عێراقی.

هەروەها دەسـت بەسـەر داگرتنی کارگێڕیش بە هەمان شـێوەی دەسـت بەسـەرداگرتنی گومرگی لە کاتی ژێردەسـت نەبونی کاڵاو کەلوپەلی بابەتی تاوانی گومرگی دەسـت بەسـەر بەهاکانینان دادەگێریت بۆ نمونە  بڕیاری دەسـتەی گشـتی گومرگ/ بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ناوچەی ناوەڕاســـت ژمارە ١٢١/ ب /٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/١١/٥ دا دەبین بڕیاریداوە بە ســـەپاندنی بەهای کاڵای دەســـت بەســـەر دانەگیراو بەبڕی(١٥٥٠٠٠٠)  دیناری عێراقی ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە یاسادانەر لە هەوڵی سەپاندنی سزای دەست بەسەرداگرتن دایە بەهەرشێوازێک بێت، ئێمەش لای خۆمانەوە پشتگیری لەو هەوڵەی یاسادانەر دەکەین و بە پێویستی دەزانین.

### ٣,٢,٢.  پاساوی سزای ڕاگرتن لە پیادەکردنی پیشەیی.

سزای ڕاگرتن لە پیادەکردنی پیشـەیی هەروەک پێشی دەگوترێت بێبەشکردنی دەڵاڵانی گومرگی لە پراکتیزەکردنی پیشەکانیان، بەشێک لە زانایانی تاوانکاری بۆ ئەوە دەچن کە ئەم بێبەش کردنە نابێتە بەشێک لە سزا بنەرەتییەکان و تەواوکاریەکان، بەڵکو هۆکارێکە لە هۆکارەکانی لە دەست دانی شیاویەتی پیادەکرنی پیشەی بریکاری گومرگی، دەرئەنجامی ئەم بێبەش کردنەش ئەوەیە کە قەدەغەکردن لە پراکتیزەکردنی ئەو پیشەیە ناتوانرێت ببێت بەسزایەکی تاوانکاری یان کارگێڕی و بەمانا توندەکەی هەژمار بکرێت، بەڵکو سزاێکە خاوەن سروشتێکی تایبەتە، سروشتی کاری گومرگ و سەرپێچی و تاوانە گومرگییەکان وا دەخوازن بونی هەبێت، لەبەر بونی بۆشایی و کەموکوڕی لە سزا کلاسیکییە گومرگییەکان کە ناتوانن بەرپەچی سەرپێچیە جۆراو جۆرەکان بدەنەوە و بە ئەرکی کۆمەلایەتی خۆیان هەڵبستن (حيدري، ٢٠١٥، ٩٤)، کەواتە یەکێک لە هۆکارەکانی سەپاندنی ئەم سزایە پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و کەموکوڕیانەیە کە لە سیاسەتی سزایی گومرگیدا بونیان هەیە.

بەشـــێکی تر لە زانایانی تاوانکاری پێیانوایە قەدەغەکردنی پراکتیزەکردنی پیشـــەیی یەکێکە لە ڕێوشـــوێنە گرنگەکان. بەتایبەتی ئەو ڕێوشـــوێنە خۆپارێزیانەی کە یاســـادانەر بەکاری دەهێنێت بۆ ڕێگریکردن لە تاوانبار کە چالاکی پیشـــەیی خۆی بقۆزێتەوە بۆ ئەنجام دانی تاوانی گومرگی، و ڕێکارێکە کە یەکەی کارگێڕی گومرگی بەکاری دەهێنێت بۆ نەهێشـــتنی ئەو هۆکارانەی کە پاڵنەرن بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی گومرگی، و ڕێگری لەو کەسانە دەکات کە بەهۆی پێشەکەیان ئاسانتر دەتوانن تاوان و سـەرپێچی گومرگی ئەنجام بدەن (صالح، ١٩٩٠، ١٧٦)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە سزای ڕاگرتن لە پیادەکردنی پیشـــەیی بۆ ئەوە دەســـەپێنرێت تاوەکو بریکارانی گومرگی دوربخاتەوە لە ئەنجامدانی تـاوانی گومرگی، بە شێوەیەک لە شێوەکان ببێتە هۆی دروستکردنی سڵەمینەوەی تایبەت لەو تاوانانە.

هەروەها سزای ڕاگرتن لە پیادەکردنی پیشـەیی بەهۆکاری جیاواز دەسـەپێندرێت، لەوانە ڕێگرکردن لە دوبارە ئەنجام دانەوە تاوانی گومرگی، ئەویش بەدور خستنەوەی کۆمەڵە کەسانێک کە ترسی ئەوەیان هەیە تاوان و سـەرپێچی گومرگی

ئەنجام بدەن (البنان، ٢٠١٠ ، ٥٤) هەروەها سزای ڕاگرتن لە پیادەکردنی پیشەیی لە حاڵەتە جیاوازەکاندا بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕێگری لە تاوان و سەرپێچی گومرگییەکان دەسەپێدنرێت، ئەمەش کاتێک بەدیدێت کە پەیوەندی لە نێوان سەرپێچیکار و دامەزراوەی گومگری بپچرێت، پچرانی ئەو پەیوەندیەش بە ڕێگری کردن لە پیادەکردنی پیشەکەی دەبێت کە ئەویش بۆ خۆی جۆرە ئازاردانێکە و هاوڕێ و هاوپیشەکانی سزادراو خۆیان لێ بەدوردەگرن (عثمان، ١٩٨٣، ٢٧٢).

کەواتە ئەم سزایە بە هۆکاری دروستکردنی ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچی گومگری و بەدیهاتنی سڵەمینەوەی گشتی دەسەپێندرێت. لە لایەکی تر کۆمەڵێک لە زانایانی بواری تاوانە ئابورییەکان بۆ ئەوە دەچن کە سزای ڕاگرتن لە پیادەکردنی پیشەیی هۆکاریکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە دارایی و ئابورییەکانی دەوڵەت تەنانەت ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت، بە دورخستنەوەی هەندێک تاک لەو پۆستانەی کە لەڕێگەیەوە چالاکییە نایاساییەکانیان ئەنجامداوە، بەمەش ڕێگرییان لێدەکرێت لە بەردەوامبون لە ئەنجامدانی کردەوەی دیکە کە بە هۆیانەوە بتوانن زیان بە مافەکانی گەنجینەی گشتی بگەینن (فودة، ٢٠١٠، ١٢٥-١٢٦)

### ٣,٢,٣. پاساوی گرتنەبەری ئاشتەوایی گومرگی.

ئاشتەوایی گومرگی ئەنجام نادرێت ئەگەر تاوانباری گومرگی ئەو برە پێبژاردنە نەختینەییە نەدات بە خەزێنەی گشتی، ئەمەش لەبەر دو هۆکار یان لەبەرئەوەیە سەرپێچیکار هەست بە تاوانباری خۆی دەکات و ڕازیە بەو پێبژاردنە یان دەیەوێت بە خێرایی دۆسییە تاوانکاریەکەی دابخرێت، ئەو برە پێبژاردنە نەختینەییەی لەسەری ڕێکدەکەون دەبێتە قەربویەک بۆ خەزێنەی گشتی لە ئەنجامی ئەو زیانانەی کە لە کەمترخەمی و سەرپێچیەکانی تاوانبار بەر داهاتی خەزێنەی دەوڵەت کەوتون (الصوافقة، ٢٠١٠، ٧٠) لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە خێراکردن لە پرۆسەی دادگەری یەکێکە لە هۆکارەکانی گرتنەبەری ئاشتەوایی گومرگی و ئێمە بەم شێوەیە لێکیدەدەینەوە:

١- سەرپێچیکار یان تاوانباری گومرگی مەبەستیەتی هەرچی زوە ئەو دۆسیە تاوانکاری کە لە دژی کراوەتەوە دابخرێت و بگەڕێتەوە سەر پیشەی خۆی، و بەردەوام بیت لە هاموشۆی بازرگانی بۆ ئەوەی ئەو کاتەی کە لە پرۆسەی دادگایی کردنی بەسەر دەبات تەرخان بکات بۆ پیشەکەی برێکی زیاتر قازانج بکات، لەم پێناوەش ئامادەیە ئاشتەوایی گومرگی بگرێتەبەر، لە هەمان کاتدا خۆی و پیشەکەی بپارێزێت لە سزا و توش بون بە پێشینەی تاوانی.

٢- یەکەی گومرگیش بە هەمان شێوە لەپێناو خێراکردنی پرۆسەی دادگایی کردن و بە سزا گەیاندنی تاوانباری گومرگی ئاشتەوایی گومرگی ئەنجام دەدات، لەبەرئەوەی یەکێک لە ئامانجەکانی یاساکاریە گومگرگیەکان قەربو کردنەوەی خەزێنەی گشتیە، ئەو برە نەختینەییەی کە وەک پێبژاردن ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت دەبێتە وەگەرخەری ئاشتەواییەکە وبەقەربو کردنەوەیەک بۆ خەزێنەی گشتی هەژمار دەکرێت، کەواتە یەکەی کارگێڕی گومرگی بە ئاسانی و خێراتر دەتوانێ قەربوی خەزینەی گشتی بکاتەوە لە ڕێگەی ئاشتەوایی گومرگی، و لەهەمان کاتدا ئەو خەرجیانەی بگێڕێتەوە بۆ دەوڵەت کە بۆ سزادانی تاوانبار تەرخان دەکرێن.

پرسی قەرەبوکردنەوە جەوهەری ئاشتەوایی گومرگیە چونکە ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای قەرەبوکردنەوە دامەزراوە، کاتێک دەوڵەت دەست بەرداری مافی سزادانی خۆی دەبێت لەبەرامبەر پێبژاردنێکی نەختینەیی کەواتە ئەو پێبژاردنە نەختینەییە شوێنگرەوەی سزاکانی دەوڵەتە کە مافێکی ڕەوایی خۆیەتی لە پێناو جێگربون و دامەزراو بونی

پێکهاتەکانی ژیاری کۆمەڵگاکەی سزای لادەر و سەرپێچیکارانی یاسا و ڕێنمایە گومرگییەکان بدات، کەواتە پرسی سزادانی تاوانباری گومرگی لە ڕێگەی گرتنەبەری ئاشەتەوایی گومرگی پاساویکی ترە، و هۆکارە بۆ پەنابردن بۆ گونجاوترین سزا تاکو بتواندرێت ئامانجەکانی سیاسەتی سزایی بەدیبێت (المبیضین، ٢٠١٠، ٩٥).

هەڵبەتە ئەم ئاراستەتەیەی یاسادانەر لە فەلسەفەی بنەمای باشترین یاسا بۆ تاوانبار وەرگرتوە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر بەرژەوەندی گشتی وا دەخوازێت پەیرەوەی لەم جۆرە نوێیە لە سزادان بکرێت لەبەرئەوەی چەند تاوانباری گومرگی لە سزادان بە دور بێت ئەوەندە بەردەوام دەبێت لەسەر پیادەکردنی پیشەکەی، بەمەش داهاتیکی باشتر لە باج و مێرانە گومرگییەکان بۆخەزینەی گشتی دابین دەبن، لە هەمان کاتیشدا بە هۆی ئەو پێبژاردنە نەختینەییەی کە لە ئاشتەوایی گومرگی بەدەست دێت قەرەبوی زیانە بەدیهاتوەکان دەکرێتەوە (حمید، ٢٠١٨، ١٤٨)، کەواتە یەکێک تر لەو هۆکارانەی کە پاساو بە گرتنەبەری ئاشتەوایی گومرگی دەدات بریتییە لە بەزەیی هاتنەوە بە تاوانباری گومرگی و سود گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی.

## ٤. کۆتایی.

دوای لێکۆڵینەوە کردن و قوڵبونەوەمان لە تایبەتمەندی سزا گومرگییەکان گەیشتین بەم دەرئەجام و پێشنیارانەی خوارەوە:

### ٤,١. دەرئەنجامەکان.

1. سزای لە سێدارەدان لە تاوانە گومرگییەکان ناتوانێت ئامانجە سەرەکییەکانی یاسای گومرگی بپێکێت، لەبەرئەوەی سروشتی سزاکە دەبێتە هۆی لەناوبردنی تاوانباری گومرگی بەمەش قەرەبو کردنەوەی خەزێنەی گشتی لەناودەچێت، و لەلایەکی تر خێزان و کەس کاری تاوانبار بێسەرپەرشتیار دەبن، کەس نامێنێت پەروەردەیان بکات و لە دور مەودادا لەوانەیە کەسانی خراپ و زیان بەخشیان لێدەربچێت و زیان لە کۆمەڵگا بدەن.
2. سزاکانی زەوتکردنی ئازادی لە کاتی سەپاندنیان لە ڕوبەڕوبونەوەی تاوانە گومرگییەکان دەبینین زیانیان زیاترە لە سودەکانیان، لەبەرئەوەی ڕاگرتنی سزادراو لە بەڕێوەبەرایەتیە چاکسازیەکانەکان پێویستی بە دابینکردنی خەرجی ڕۆژانە و فەراهەم کردنی پێداویستیەکانی ژیان هەیە، وەک کارەبا و پاسەوانی و خواردن و چارەسەری پزیشکی، کە ئەمانش هەمویان زیان لە یەدەگەکانی خەزێنەی گشتی دەدەن، هەروەک چۆن تاوانە گومرگییەکانیش زیان لە داهاتەکانی خەزێنەی گشتی دەدەن.
3. سزا داراییەکان لە ڕوبەڕوبونەوەی تاوانە گومرگییەکان سزایەکی گونجاون و یارمەتیدەرن لە بەدیهاتنی ئامانجەکانی یاسای گومرگی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین سودی گشتیان لێوە بەدیناهێت، لەبەرئەوەی چاودێرانی ئابوری کەسانی پسپۆڕانی بواری بودجە و داهات گومانیان هەیە لە گەرانەوەی ئەو پێبژاردنانە بۆ خەزێنەی گشتی بەشێوەیەکی تەواوەتی یان بەشێکی، بە بەڵگەی ئەوەی تاکو ئێستا لە کاتی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجە پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت دەبەسترێت بەشێوەیەکی سەرەکی، شتێکی کەم پشت بە داهاتەکانی تری خەزێنەی گشتی دەبەسترێت.
4. پرۆسەی ئاشتەوایی گومرگی کە لە پێناو خزمەتکردن بە بەرژەوەندی گشتی دەگیرێتە بەر، هەڵبەتە سود و کاریگەری بەهێزی دەبێت ئەگەر بێتو ئاستەنگانەی بەردەمی لاببردرێن.

### ٤,٢. ڕاسپاردەکان.

دوای گەلالە بونی دەرئەنجامی توێژینەوەکەمان بە پێویستی دەزانین ئەم ڕاسپاردانە بۆ یاسادانەری گومرگی عێراق و لایەنە پەیوەندی دارەکان بخەینە ڕو:-

1. پێشنیار دەکەین بە لادانی سزای لە سێدارەدان لە لیستی سزا گومرگییەکان و لە شوێنی سزایەکی گونجاو بسەپێندرێت کە خزمەت بە ئامانجەکانی یاساکاریە گومرگییەکان بکات.
2. پێشنیار دەکەین سزاکانی زەوتکردنی ئازادی لە تاوانە گومرگییەکان وەکو توندترین سزا دابندریت کە تەنها لە کاتی قاچاغیە زۆر ترسناکەکان پەنایان بۆ ببردرێت کە لەگەڵیشدا پێبژاردێک لە سزادراو وەربگیرێت وەکو قەرەبو کردنەوەی ئەو خەرجیانەی کە لەکاتی ڕاگرتیدا لێی خەرج دەکرێت.
3. پێشنیار دەکەین کە بواری جێبەجێکردنی ئاشتەوایی گومرگی فراوان بکرێت و ئاستەنگەکانی بەردەمی هەڵبگیرێن بە هەموارکردنەوەی دەقی ماددەی (٢٤٢)ی هەڵگرتنی ئەو کۆتەی لەسەر ئەو ماددەدا داندراوە بە ئامانجی بەخشینی دەسەلاتیکی زیاتر بە یەکەی کارگێڕی گومرگی بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەمو تاوانە گومرگییەکان پرۆسەی ئاشتەوایی گومرگی بگیرێنە بەر، وا پەسەندترە کە ئەو پێبژاردنەی کە لە ئاشتەوایی گومرگی وەردەگیرێت بگۆردرێت بۆ شوێنگرەوەیەکی سزایی کە خزمەت بە کۆمەڵگا و بەرژەوەنی گشتی بکات. وەک لە سزادانی تاوانبار بە ڕاکێشانی تۆری ئاو بۆ ئەو شوێنەی کە پێویستی پێیەتی.

## ٥. لیستی سەرچاوەکان


احمد، د. احمد حسن، ٢٠٢٠، الوسيط في الجرائم الضريبة و الجمركية، دار الفكر الجامعي، ط١، ب.م.ن. ، مصر، القاهرة.

حسني، د. محمود نجيب، (١٩٧٧)، شرح قانون عقوبات قسم العام، ط٤، دار النهضة العربية، القاهرة، مصر.

الحياري، د. معين، ١٩٩٧، الجرائم التهريب الجمركي، دراسة المقارنة، ط١، دار الثقافة للنشر و التوزيع، اردن، عمان.

حيدري، د. جمال ابراهيم،٢٠١٥، علم عقاب الحديث، سنهوری، ط١، لبنان بيروت.

خلف، الشاوي، د. علي حسين، د. سلطان عبدالقادر، ٢٠١٢، المبادىء العامة في القانون العقوبات، ط٢، سنهوري، لبنان، بيروت.

ساجت، د.شاكر جميل، ٢٠٢٣، فاعلية العقوبات الجمركية، ط١، مركز العربي للنشر و التوزيع، مصر، القاهرة،

سالم، د.عمر، ٢٠٠٣، ملامح الجديدة لنظام وقف التنفيذ في القانون الجنائي، ط،١دار النهضة العربية، مصر، القاهرة.

سرور، د. احمد فتحى، ١٩٦٩، محاضرات فى القانون العقوبات الضريبي، ط١، مصر، القاهرة.

سرور، د. احمد فتحى، القانون الجنائي الدستوري،٢٠٠٢ ، ط١، دار الشروق، مصر القاهرة.

شلال، د. علي جبار، ١٩٨٠، جريمة التهريب الكمركي واثارها القانونية، دراسة المقارنة، دار الريسالة للطباعة، ط١، عراق، بغداد.

شلال، د. علي جبار، ٢٠١٠، المبادىء العامة في القانون العقوبات، زاكي، ط١، عراق، بغداد

صالح، د. نائل عبدالرحمن، ١٩٩٠، الجرائم الاقتصادية في القانون الاردني ، دار الفكر،ط١، اردن، عمان.

الصيفي، د. عبدالفتاح مصطفي،(١٩٩٥)، الاحكام العامة لنظام الجزائي، ط١، ملك سعود، سعودية، رياض.

طنطاوي، د. ابراهيم حامد،(٢٠٠٦)، الحماية الجزائية لايرادات الدولة من الضرائب على الدخل، ط١،دار النهضة العربية.

طه، د.محمود احمد، ٢٠٠٠، شرح قانون العقوبات- قسم العام، دار النهضة العربية، ط١، مصر، قاهرة.

عبدالله، خلف، د.احمد كيلان، د. بلال عبدالرحمن محمود، ٢٠٢٠، سياسة استبدال الصفة الجنائية للعقوبة،ط١، مركز العربي للنشر والتوزيع، مصر، قاهرة.

عثمان، د. امال عبدالرحيم، ١٩٨٣، شرح القانون العقوبات في الجرائم التمويل، دار النهضة العربية، ط١، مصر، القاهرة.

عطية، د. قدري نقولا، ذاتية القانون الضريبي واهم طبيقاتها، مطبعة جاميعة اسكندرية، ط١، مصر اسكندرية.

فودة، د. محمد سعيد، ٢٠١٠، النظرية العامة للعقوبات الادارية، دار جامعة للنشر، ط١، مصر، اسكندرية.

القذيفة، جورج، القضايا الجمركية الجزائية، ١٩٧٢، ط١، مطبعة بيروت، لبنان، بيروت.

لوقابياوي، د.جميل، ١٩٩٧، الجرائم الكمركية، دار النهضة العربية، ط١، مصر، القاهرة.

المبيضين، على محمد، ٢٠١٠، الصلح الجنائي واثره في الدعوى العامة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الاردن، عمان.
المجالي، د. نظام توفيق، (٢٠١٤)، شرح قانون العقوبات قسم العام، ط١، اردن، عمان.
مصطفي، د. محمود محمد، ١٩٧٩، الجرائم الاقتصادية في القانون المقارن، مطبعة جامعة القاهرة وكتاب الجامعي، مصر، القاهيرة.
منصور، د.عبود علوان، ب.س.ن، جرائم التهريب الكمركي في العراق، نشرة الثقافة العامة، ط١، عراق، بغداد.
هاشم. د. هاشم النمصور الهاشم، ٢٠٢٠، الجمارك الاردنية، دراسة التوثيقة، ط١، دار خليج للنشر والتوزيع، اردن، عمان.
بسمة، بوسرية، دور القاضي الجنائي في جرائم الجمركية، ٢٠١٣، رسالة ماجستير، جامعة محمد خضر، جزائير، بكسرة.
حميد. هيشام فاضل مجيد، ٢٠١٨، الوسائل البديلة لحل منازعات الضريبة في العراق، رسالة ماجستير، جامعة تكريت، العراق، تكريت.
صوافيقة، سعدين عارف محمد، ٢٠١٠، الصلح في الجرائم الاقتصادية، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطني، فلسطين، نابلس.
البنان، محمد حسن محمد، ٢٠١٠، الجزاءات الادارية العامة، مجلة حقوق-جامعة تكريت، المجلة٤، العدد٣،
بوتخيل، د خليفي، ٢٠١٥، تطور السياسة العقابية و اشكالية اعادة ادماج الاجتماعي للمحكوم عليهم، مجلة قانون والعلوم السياسة، المجلة ٢، العدد ١.
ركاب، حسن، د. عيماد فاضل، د. زينب عبدالكاضم، ٢٠١٧، التناسب التشريعى بين التجريم والعقاب ق قانون الضريبة الدخل فى العراق، مجلة حقوق- جامعة النهرين، المجلة ١٩، العدد١.
صديق، د. سالم رمضان ابوبكر، ٢٠١٥، الجزاءات التقليدية و اغراض العقوبة، مجلة العلوم القانونية، العدد٦.
عبدالكافي، ورياشي ، ٢٠٠٨، العقوبة سالبة للحرية بين الردع و اعادة ادماج، مجلة رسالة دفاع، العدد١٠.
الهلالي، شريف، د. علي هادى العطية، د. ميثم حنضل، ٢٠١٧، تفعيل الردع الضريبي في القانون الضريبة الدخل رقم (١١٣) لسنة ١٩٨٣، مجلة كلية حقوق- جامعة نهرين، المجلة ٩ ، العدد٢٢.
الطبيعة القانونيَّة لجرائم التهريب الجمركي » جريدة الصباح
بڕیاری ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان
بڕیاری ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٣ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان
بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە ژمارە ٣٠ی ساڵی ١٩٩٣
بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٩٤
بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە ژمارە ٩٥ی ساڵی ١٩٩٤.
یاسای گومرگی عێراق ژمارە ٥٦ی ساڵی ١٩٣١
یاسای گومرگی لوبنانی ژمارە ٤٤٦١ی ساڵی ٢٠٠٠
یاسای گومرگی ئوردونی ژمارە ٢٠ی ساڵی ١٩٩٨
یاسای گومرگی عێراق ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٨٤
یاسای گومرگی فەرەنسی "Code des douanes" فەرەنسی کۆدی 79.07 ساڵی ١٩٧٩.
یاسای گومرگی ئەمریکی (U.S. Customs Tariff)، (Tariff Act of1930) ژمارە71-361